# ئەو ئەڵێت...

• کەژاڵ ئیسماعیل

ئەو پێم ئەڵێت:
بگەڕێوە
تەنها ساتێک لە بۆنی هەناسەتم
پێببەخشە..
بۆمن بەسە دەرکەوتنت
تەنها نیگایەکت ڕۆح ئەبەخشێ
بەژوورەکەم و
خەندەیەکت
هەرچی گوڵی ئەم دەورەیە
دەیانهێنێتە سەما..
منیش ئەڵێم:
لەئێستاوە خۆم ساز ئەکەم
چاکەتێکی پەمەیی ئەسێنم و
ڕەفتەیەکی پەمەیی
سووراوێکی پەمەیش ئەنێمە جانتاکەمەوە
تا کاتی گەڕانەوەم
ببمە ژنێکی پەمەیی و
لەگەڵ دەرکەوتنما
چەپکێ گوڵی پەمەییم بۆ بێنە
با ببینە دوو شێتی پەمەیی!
من پێی ئەڵێم:
دەتۆ وەرە
بمنێرە ناو چاوی چەپی دڵتەوە و
بمکە بە تەوئەمی ڕۆحی خۆت
کە تۆ هاتی
لەم شارە شیعر ئەبارێت
بۆنی بارانی هاتنی هەناسەت

تەنهاییم پڕ ئەکات و
دەریا پڕ ئەبێت لەتۆ
ئەو ئەڵێت:
پێش هاتنم
کراسێکی شین ئەسێنم و
ملپێچێکی شین و
موستیلەیەکی پیرۆزەیی شینیش
ئەنێمە پەنجەم
تاکاتی گەیشتنم
ببمە پیاوێکی شین و
لەگەڵ دەرکەوتنما وەک دوو شێتی شین
هەناسەمان تێکەڵ باران ئەکەین.
...

**هۆڵەندا،** 2006–10–12

ZAGROS WEBSITE